چۆنیەتی جەیڵبرەیک کردنی پلەیستەیشن ٣ وە یاریکردن بە ئۆنلاین

من ئەتوانم چی بە PS3 JAILBREAK / CFW بکەم؟

ئەتوانیت یاری لە ئەنتەرنێت بە بەلاش داوەنلۆد بکەیت و بیخەیتە سەر هاردی ناوەکی یان دەرەکی و یاری پێبکەیت . لەڕێگەی بەکارهێنانی (multiMan یاخود Showtime) وە دەتوانیت زۆر شتی کەشی پێبکەیت !

Jailbreak ئەوەیە کە شێوازی PS3 لە ئەسڵیەوە (Original OFW Firemware) کە لەلاین کۆمپانیای سۆنیەوە دانراوە بگۆڕێت بۆ (Custom CFW Firemware) کە ڕیگەت پێدەدات دەست بگریت بە هەموو سیستەمەکەدا وەکو Root کە بۆ مۆبایلی گالاکسی و ئایفۆن دەکەیت.

چی دەگۆڕێت لە دوای ئەوەی Jailbreak ت کرد؟

تێبینی دەکەیت لە PS3 کەدا دوو فایل نوێ دروست بووە لە بەشی Games کە ئەوانیش Install Package Files = کە شوێنی دابەزینی فایلەکانە وە لەگەڵ app date home

* Install Package Files * بۆ ئەوە بەکاردێت کە فایلی PKG. دابەزێنیت لە PS3 کەدا . لەوانەیە یاری بێت یاخود نوێگەریەکان واتە ئەپدەیت وە زۆر شتی تریش .

وە فایلەکەی تریش کە / PS3_GAME / app_home / بۆ ئەوەیە کە نوسخەیەک لە یاریەکانت هەڵدەگرێت.

تێبینی : ئەم کارە لەڕێگای فلاش میمۆری وە دەکرێت وە دەبێت سیستەمی PS3 کە ڤێرشنی 3.55 بێت یاخود کەمتر ، ئەگەر ڤێرشنەکەی لە 3.55 بەرزتر بوو ئەوا ناتوانیت Jailbreak ی کەیت دەبێت PS3 کە Downgrade کەیت بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ ئەو ڤێرشنە.

چۆنیەتی Downgrade کردنی PS3 بۆ 3.55 :

سەرەتا ئەم فایلە داوەنلۆد بکەن
http://www.mediafire.com/download/ea12tjl3660u9lc/PS3UPDAT.PUP.zip

دواتر لە ناو ڕارەکە دەری بێنن دواتر فلاش میمۆریەک بێنن بیدەن لە کۆمپیوتەرەکە فۆڵدەرێک لە ناوی دروست بکەن ناوی بنێن PS3 دواتر فۆڵدەرێکی کە لەناو ئەو فۆڵدەرە دروست بکەو ناوی بنێ UPDATE دواتر فایلەکە بکەرە ناو ئەو فۆڵدەرەوە دواتر فلاش میمۆریەکە لێکەرەوەو بیدە لە PS3 کە لە PS3 کەدا بچۆرە Settings ئینجا بچۆرە بەشی System Update دوای ئەوە Update via Storage Media هەڵبژێرە دواتر OK بکە دوای ئەوەی ئەپدەیتەکە ئینستاڵ بوو ٤ جار بیپ دەکات دواتر دەکوژێتەوە ئینجا تۆ دایگرسێنەوە بەڵام لە جیهازەکەوە دایگرسێنە نەک لە دەسکەکەوە ، پیرۆزە ئێستا ڤێرژنەکەی بووە بە 3.55 . ☺

بۆ زانینی ڤێرشنی سیستەمەکەت :

لە PS3 کەت بڕۆرە سەر Settings > System Settings > System Information

ئەوەی کە پێویستت پێی دەبێت لەم کارەدا :

- فلاش میمۆریەک
- چەند فایلێک کە لەخوارەوە لینکەکەیتان بۆ دا ئەنێم

تێبینی: هەر شریتێک لە ناو PS3 کەدا هەیە دەری بێنە نەوەکو شتێکی لێبێت.

ئێستا دەست پێدەکەین :

هەنگاوی یەکەم : دەبێت فلاش میمۆریەکە کۆنفیگرەیشن کرابێت بە FAT32 ئەگەر نەکرابێت ئەوا کارەکە سەرکەوتوو نابێت.

هەنگاوی دووەم : دەبێت ئەپدەیتێک داوەنلۆد بکەیت بە ئارەزووی خۆت ، بەڵام بەڕای من Habib Cobra 4.75 CFW ئەو ئەپدەیتە دابەزێنن باشترە ئەمەش لینکەکەی https://mega.nz/#!Ag02DTgK!jyOF1-SB3A-XQkLA0_rpf-B3NGgH2SMdktIylKrG_Ew

هەنگاوی سێیەم : فۆڵدەرێک دروست بکە بە ناوی PS3 لە ناو فلاشەکە ، وە لەناو ئەو فۆڵدەرە فۆڵدەرێکی کە دروست بکە ناوی بنێ UPDATE ، ئێستا ئەو ئەپدەیتەی کە داوەنلۆد د کرد ناوی PS3UPDAT.PUP لە فایلی ڕار دا دەریکەو بیخە ناو فۆڵدەرەکە وەکو ئەوەی لە وێنەکەدا ڕوونم کردوەتەوە .



هەنگاوی چوارەم : ئێستا فلاش میمۆریەکە بەهێواشی لە کۆمپیوتەرەکەتەوە دەربێنەو بیدە لە PS3 کە ئینجا دواتر برۆ بۆ (Settings > System Update > Update via Storage Media)



کە چویتە ئەوێ دوو هەڵبژاردنت دەداتی ئەوانیش ئەوەیە کە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ئەپدەیتی دەکەیت یاخود لەڕێگەی فلاش میمۆری ، تۆ فلاش میمۆریەکە هەڵبژێرە ، دواتر YES هەڵبژێرە هەرچیەکی یایتێ ، دوای ئەوەی کە کردت ئێستا ئەپدەیتی دەکاتەوە ٥ بۆ ١٠ دەقەی ئەوێت دوای ئەوەی ئەپدەیتی کرد ئۆتۆماتیکی ڕیستارت دەبێتەوە و پیرۆزە .

وە ئێستاش بەس ئەوە ئەمێنێت Multiman دابەزێنیت لەم لینکەوە دایبەزێنە https://www.sendspace.com/file/3k8hxz

هەنگاوی پێنجەم : فایلی .pkg Multiman کۆپی بکەو بیخەرە ناو فلاش میمۆریکە دواتر بیدە لە PS3 کە دواتر Install Package Files بکە لە

XMB . دواتر Multiman هەڵبژێرەو (زەڕب) X بکە بۆ دابەزاندنی لە PS3 کە .



28/12 20:52
Installing...
Do not turn off the system.
100%
★ Install "irismanager_1.38.pkg"
1007 KB


Game
31/12/2007 0:09

تەواو پیرۆزە ئێستا دەتوانی زۆر شت بکەیت وەکو یاریکردن بەو یاریانە کە لە ئەنتەرنێت داوەنلۆدد کردون یاخود لێدانی ئەو ڤیدیۆیانەی کە بە پاشگری MKV. ن وە زۆر شتی کەش وە دەتوانی ئۆنلاین(Multiplayer) یاریان پێبکەیت ☺ .

دادیار